# جوانی له فره‌ره‌نگی دایه

له ماوه‌ی ته‌مه‌نی کورتی وه‌شانی کوردی، لاپه‌ره‌کانی رۆژنامه و بلاوکراوه‌کانی کوردی زۆر رووداوی خه‌ڵکی، دژی خه‌ڵکی و مرۆڤپه‌روه‌رانه و دژ مرۆڤانه و هیوابه‌خش و ناهومێد که‌ره‌وه، پێشکه‌وتوونخواز و کۆنه‌په‌رستانه و شۆرشگێر و دژی شۆڕش به‌خۆیانه‌وه بینیوه. له ماوه‌ی نزیک به ۱۰۵ ساڵ له ته‌مه‌نی رۆژنامه‌گه‌ری کوردی، بلاوکراوه‌کان وه‌ک که‌ره‌سه‌یه‌کی به‌هێز له لایه‌ن هێزه‌سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی و که‌سه‌یاتیه سه‌ربه‌خۆیه‌کانه‌وه به‌کار بردراوه بۆ گه‌یاندنی مه‌به‌ست به خوێنه‌رانیان له پێناوی ئامانجه‌کانی سیاسی، کۆمه‌لایه‌تی، ئابووری و ... خۆیان.

حاشا له‌وه ناکرێ که چ دوژمنانی گه‌لی کورد و چ هێزه‌کانی پارێزه‌ری مافی کورد، هه‌ردووکیان ویستوویانه وشه‌ی کوردی له‌پێناو قازانجه‌کانی تایبه‌تی خۆیان به‌کار به‌رن. زۆر جار زۆرداران به بیانووی دژایه‌تی بوونی بلاوکراوه‌کانی کوردی له گه‌ڵ "یه‌کیه‌تی خاک و نیشتیمان"، "ئاژاوه‌گێر بوونیان" ده‌رگای گۆڤار و رۆژنامه‌کانی کوردیان داخستووه. هێزه‌کانی کوردیش به بیانووی "مه‌ترسی قازانجی نه‌ته‌وه‌یی" رێگایان له بلاوکردنه‌وه‌ی ئازاد گرتووه و نووسه‌ری کوردیش به پێی هه‌ل و مه‌رج ناچار بووه خۆ سانسۆری بکاته پیشه‌ی خۆی، به‌جۆرێک که که‌سایه‌تی سه‌ربه‌خۆ و سیاسی مرۆڤی کورد زۆرجار تێکه‌ڵ کراوه.

له‌و رۆژه‌وه که ده‌نگی کورد، چاوی به جیهانی بلاوکردنی کوردی هه‌ڵێناوه، به‌و هیوایه بووه که سانسۆر نه‌بێته هۆی تێکپچرانی پێوه‌ندی نێوان خوێنه‌ر و نووسه‌ر و به‌پێچه‌وانه‌وه و هه‌روه‌ها ده‌رگایه‌کی دیالۆگ له روانگه‌یه‌کی رۆژنامه‌گه‌ری و پسپۆرانه‌وه له نێو کورده‌کان بکرێته‌وه. زۆر به‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی که له دوور و نزیکه‌وه له گه‌ڵ من کاریان کردووه له بیروباوه‌ڕی سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی من ئاگادارن. زۆر که‌س راسته‌وخۆ یان ناراسته‌وخۆ ئاگاداری ئه‌و راستیه‌ن که من له باری سیاسیه‌وه لایه‌نگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ده‌که‌م و به شانازیه‌وه خۆم به رێبواری رێگای قاسملووی شه‌هید ده‌زانم، به‌لام سه‌ر به حیزبی دێموکرات بوون، رێگای ئه‌وه‌ی له من نه‌گرتووه که له بواری پیشه‌یی و خزمه‌ت به زمان و رۆژنامه‌گه‌ری کوردی، خۆم سانسۆر که‌م و به مه‌رجی به دڵم بوون، بابه‌ت بۆ نووسه‌ران بلاو بکه‌مه‌وه.

من دژی ئه‌و بابه‌تانه‌م که تۆهین به‌که‌س یان که‌سایه‌تیه‌کان ده‌کرێن. هه‌وڵم داوه لایه‌نه‌کانی ئه‌خلاقی و ئه‌تێکی رۆژنامه‌نووسی بپارێزم و ده‌رگای دیالۆگ له گه‌ڵ هه‌موولایه‌نه‌ک بکه‌مه‌وه. جیا له‌وه به‌و بڕوایه‌م که نووسه‌ری کورد به‌مه‌رجێ پێوانه‌کانی دیموکراسی بناسێ، ده‌توانێ له گه‌ڵ خاوه‌نی هه‌موو بیروباوه‌رێک بکه‌وێته دیالۆگ و له پێناو قازانجه‌کانی هاوبه‌ش خه‌بات بکا. مه‌رج ئه‌وه نیه که له گه‌ڵ که‌سانی هاوبیری خۆمان کار بکه‌ین، مه‌رج له‌وه‌دایه که له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه بتوانین کار بکه‌ین، که جیاواز له ئێمه بیر ده‌که‌نه‌وه. له رۆشنایی ئاوا بیرێکدا بوو که ئێمه جیا له بلاوکردنه‌وه‌ی وتاره‌کان، یه‌که‌م لاپه‌ڕه‌ی کتێبی ئه‌له‌کترۆنی کوردیمان کرده‌وه. چ ئێمه چ نووسه‌رانی کتێبه‌کان ده‌زانن که له‌و نێوه‌دا هیچ سوودێکی مادی پێیان ناگا، ته‌نیا ئه‌وه‌نه‌بێ که وشه‌ی کوردی له سنووره‌کانی ده‌سکرد تێده‌په‌ڕن و ده‌گه‌نه هه‌موو ئۆگرانی زمان. ئه‌ده‌ب و مێژووی کوردی.

له ماوه‌ی مانگه‌کانی رابردوودا زۆر ته‌له‌فۆن، ئیمه‌یل و نووسراوه‌م بۆ هاتووه له سه‌ر ئه‌وه‌ی که ده‌بێ هه‌ندێک له وتاره‌کان یا خود په‌رتووکه‌کان لابدرێن، چونکه گۆیا ئه‌وان دژی قازانجه‌کانی نه‌ته‌وه‌یین. بۆ روونکردنه‌وه‌ی ئه‌و خوێنه‌رانه‌ی که زه‌حمه‌تیان کێشاوه و نامه‌یان بۆ ئێمه ناردووه و هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وکه‌سانه‌ی که نووسراوه‌مان بۆ ده‌نێرن هێنانه به‌رباسی خاڵه‌کانی خواره‌وه به پێویست ده‌زانرێ:

١. ده‌نگی کورد، له به‌رامبه‌ر ناوه‌رۆکی هیچ کام له بلاوکراوه‌کان چ وتار بن یا کتێب خۆی به به‌رپرس نازانێ. به‌رپرسایه‌تی حقووقی و یاسایی هه‌موو بابه‌ته‌کان به ئه‌ستۆی نووسه‌رانیانه.

٢. سانسۆر کردن و خۆ سانسۆری رێگای چاره‌سه‌ری گرفته‌کان نازانین و به ته‌واوی بڕوا به ئازادی راده‌ربڕین درێژه به بلاوکردنی ئه‌و بابه‌ت و کتێبانه ده‌ده‌ین که بۆ ئێمه

دەنێردرێن، بە مەرجێ:
١. لە رووی زمانەوانیەوە کەم و کوڕی زۆریان تێدا نەبێ.
ب. بابەتەکان هاوکات لەشوێنی دیکە (بەتایبەت بڵاوکراوەکانی ئەلەکترۆنی) بڵاو نەکرابنەوە.
پ. ناوەرۆکی بابەتەکان، تۆهین و سووکایەتی بە کەس، رێکخراوەکان نەبێ.
ج. ناوی نووسەر (یان نازناو) لە وتارەکاندا نووسرابێ.

من خۆم بە هیچ شێوەیەک لەو رادەیەدا دانانیم، کە لەسەر چاکی و خراپی کتێب و بابەتی نووسەرێک بڕیار بدەم. چۆنیەتی بابەت خوێنەر دیاری دەکا و دیاری کردنی چاکە و خراپە بە دەست خوێنەرە. ئەگەر هاوبیری وتارێکی بڵاوکراو نین، بە مانای ئەوە نیە کە ئەم وتارە خراپە و ئێمە راست گۆین، چونکە جوانی لە فرەرەنگیدایە و دەورانی رەش و سپی دەمێکە بەسەر چووە.

بە دڵفراوانیەوە هەموو جۆرە رەخنەو پێشنیارێک وەردەگرین.

کرمانج حەقی
٢٠٠١/٨/٢٧